# (ئەوروپا)ش بۆ ژنانی کورد بۆتە جەهەننەم!



**جمال محسن**
jamal_muhsin@yahoo.com

کەس ناتوانێت هێندەی ژنان باوەڕ بە هەبوونی جەهەننەم بکات! ئەو جەهەننەمە نا کە دینەکان ئەیلێن. جەهەننەمی دنیای دوای خەیاڵی ئینسانەکان نا! بەڵکو لەسەر ئەم ڕووی زەمینە. کێ ئەتوانێ بەقەدەر کچانی کوردستان ئازاری لا چاو، کە بە پێ لەقەی باوک و برا و ئامۆزا و نێرینەی ناو خێزان و تایەفە شین کراوەتەوە، هەست پێ بکات؟ کێ ئەتوانێ هەست بە شکاوی دڵی ژنان بکات کە ئومێد و ئارەزووەکانیان خراوەتە ژێر گڵ، بێجگە لە خۆیان؟ کێ ئەتوانێ بزانێت دەروونی کچێک چی تیایە کە لە منداڵییەوە خستوویانەتە مێشکیەوە کە ئەو و براکەی جیان، نابێ بچێتە کۆڵان، نابێ لەگەڵ کوڕان تێکەڵ بێ، قاپ شتن هەر لە باڵای ئەو جوانە، بووکە شووشە ڕەمزی دایکایەتی پێ ئەدات و باوەشکردنی هەر لە خۆی دێ.....وە ئاکام ئەو بوونەوەر و شتێکی ترە؟ کێ ئەتوانێ.............هتد؟

زۆر جار ووتوومانە ژنانی کوردستان ئازاد نین و هەڵاواردنی جنسی بێبەشی کردوون لە یەکسانی لەگەڵ پیاوان. کچانێک کە بە هۆی ئەوەی بواری تێکەڵبوونیان لەگەڵ کوڕاندا نەبوو، وە خۆشەویستی و عیشقیان لێ قەدەغە ئەکرا، بۆیە بەناچار بەزۆر یان بە نیوە ناچڵ و بە نابە دڵی شوویان ئەکرد تا لە دەست زنجیرەکانی باوک و برا ڕزگاریان ببێ بەڵام ئنجا زنجیرێکی تر ئەچووە دەستیان. مووڵکایەتی لە ماڵە باوکەوە گوێزرایەوە بۆ ماڵە "مێرد". فەرهەنگی داڕزیووی پیاوسالاری هەمیشە چەکوشێکی ئامادە بووە بۆ سەر سەری ژنان. بۆیە زۆرێک لەو ژنانەی کە بە ئومێدی ئەوە ڕوویان کردە هەندەران کە ڕزگاریان بێ و لانی کەم ئەوانیش وەک ژنانی وولاتانی ئەوروپا ئەو ئازادی و یەکسانیە کەمەی کە ئینسان پێی گەیشتووە، بەدەستی بێنن، بەڵام ئەم ئومێد و ئارەزووەیان لێرەش لێ بووە بە خەونێکی هەرگیز وەدی نەهاتوو. لێرەش لە مۆتەکەی ئەوە ڕزگاریان نابێ کە "ئەبێ ئاگات لە حەیا و حورمەتت بێ، لە دابونەریتی خۆماڵی لا نەدەیت، وریابە تۆ کچی کوردت پێ ئەڵێن....هتد". لە نێوان ئەوەی کە ئینسانێکی ئازاد و بە ئیرادە و پشت بە خۆبەستوو بێ، وە ئەوەی کە بڕیاری بۆ ئەدەن یان لانی کەم ئەبێ خۆپارێزی بکات، مێشکی هاڕدراوە. ژنانی کورد لە ئەوروپاش ئازاد نین.

زەواجی زۆرە ملێ یەکێکە لە دیاردە زۆربڵاوەکان لە نێو کۆمیونیتی کورددا لە وولاتی نەرویج. لەم ڕۆژانەی دواییدا مەسەلەی زەواجی زۆرەملێ کە بەسەر کچێکی تەمەن 17 ساڵەی کوردی عێراقدا هاتووە بۆتە جێگەی باسی ڕۆژنامە و میدیاکانی شاری درامن. ئەو کچە براوەتەوە بۆ کوردستان لەوێ کەسوکاری بە زۆر داویانە بە خزمێکی خۆی. کە هاتۆتەوە خۆی گەیاندۆتە پۆلیس و باوک و براکەشی هەڕەشەیان لێ کردووە. بۆیە ئێستا کچەکە لەژێر چاودێری دەوڵەتدایە و باوکەکە 8 مانگ و کوڕەکەش 10 مانگ حوکم دراون. ئەمە بێجگە لە کۆمەڵێک کچانی تەمەن 16 و 17 کە سەنتەرەکانی پارێزگاری لە نەرویج ئێستا ئەیانپارێزن. هەر ئەم ماوانە ژنێکی تر مێردەکەی زۆری لێداوە و ئێستا لە ژێر پارێزگاری پۆلیسدایە. وە دیارە بە داخەوە زۆرێک لە ژنان و کچانی تر هەن کە هەریەک بە دەلیلێک نەیانتوانیوە کە نە دەوڵەت ئاگادار بکەن وە نە توانیویانە دەنگی خەفەکراویان دەرکەن!

زەواجی زۆرەملێ، فشارهێنان بۆ کچان و ژنان و زەوتکردنی ئازادی لێیان لە ئەوروپاش سەرچاوەکەی فەرهەنگی پیاوسالارییە. فەرهەنگ و کولتورێکە کە پاشماوەی هەمان ئەو یاسا و ئایدیۆلۆژیایەیە کە چەند ساڵە لە کوردستان ژنانی پێ کوشتار ئەکرێ. کولتورێک کە سەرچاوەکەی شەریعەتی ئیسلامە و ناسیۆنالیزمی کوردیش هەمیشە باوەشێنی کردووە و لە پشتی بووە. کە بە داخەوە چەندین ژن بوونە قوربانی و چەندینی تریش چرۆی تەمەنی لاوێیان هەر زوو ووشک هەڵگەڕا. ئەو فەرهەنگ و کولتورە لە کۆڵی ژنان نەبۆوە ئەوەتا لێرە لە ناوجەرگەی ئەوروپا، لە ناو جەرگەی دنیای پێشکەوتووشدا مۆتەکەی سەر دڵیانە. فەرهەنگی تێکەڵەی شەریعەت و ناسیۆنالیزم ژیانی ئەوروپاشی لێ کردوون بە دۆزەخ. چ شانازییەک لەوەدا هەیە پێت بڵێن "کورد" وە پارێزگاری لەو

فەرهەنگە پیسە بکەیت کە لە کوردستان ئەو مەئساتە گەورەیەی بەسەر ژنان هێناوە؟! چ شانازییەک لەو کولتورەدایە کە مێشکی کچەکەت وورد و خاش بکەیت کە ئەیەوێ بە دڵی خۆی هاوسەری ژیان یان هاوڕێی کوڕی خۆی هەڵبژێرێ؟

فەرهەنگی پیس و بۆگەنی پیاوسالاری نابێ لە کۆمەلگایەکی ئازاد و کراوەدا و لەژێر هیچ پاساو وناوێکی جیا جیادا ڕێی پێبدرێ. من بەش بە حاڵی خۆم، وەک خەباتکارێکی یەکسانیخواز لە دژی ئەو فەرهەنگە لە کوردستان جەنگاوم و لە ئەوروپاش ئەجەنگم و بۆ داکۆکی لە مافی یەکسانی ژن و پیاو لە نێو کۆمیونیتی کورددا تێئەکۆشم.

ژنان و کچانی کوردیش هیچیان لە ژنان و کچانی ئێرە کەمتر نییە و ئەبێ ئازاد بن لە ژیانی شەخسییاندا. هیچ کەس نابێ "موڵکداری" بکات بەسەریانەوە. ژنان و کچانی ئازادیخوازیش ئەبێ ئەو ڕاستییە بزانن کە کۆمۆنیستە کرێکارییەکان لەگەڵیانن، هاوبەشی تێکۆشانیانن. وە لە نارەحەتییەکانیاندا لەپاڵیاندان. هاوکات لێرە لانی کەم یاسایەکی پێشکەوتنخواز هەیە کە لە بەرامبەر پیاوسالاری و عاقڵیەتی دواکەوتودا ئەیانپارێزێ.

2005/05/26